





## (١٠) شاری خۆشگوزەران له جیهاندا

بەپێی ڕاپۆرتێکی یەکەی هەواڵگریی ئابووری، کە ڕێکخراوێکی جیهانییە و بە کۆدی (EIU) دەناسرێت و لە ساڵی (١٩٤٦) دامەزراوە، کۆمەڵە کۆمینێستێکن پێشبینی و دیدگای خۆیان دەربارەی بابەتە هەستیارەکان هەیە و لێکۆڵینەوەی کارگێڕی و توێژینەوە لەسەر تەواوی وڵاتانی جیهان دەکەن، ئەو ڕێکخراوە لە دوایین ڕاپۆرتیاندا دەربارەی ئەو شارانەی کە شوێنی خۆشگوزەرانین، ئاماژە بە (١٠) شار دەکەن، کە بریتین لە: تۆکیۆ لە ژاپۆن، ئەمستردام لە هۆڵەندا، واشنتۆن لە ئەمریکا، ئۆساکا لە ژاپۆن، سیدنی لە ئوستراڵیا، تۆرینتۆ لە کەنەدا، کۆبینهاگن لە دانیمارك، مالبۆرن لە ئوستراڵیا، شاری سەنگافوورە لە وڵاتی سەنگافورە، سیئۆل لە کۆریای باشوور. ئەو ڕاپۆرتە لەسەر بنەمای سەردانکردنی ئەو ڕێکخراوە دێت بۆ ئەو شارانە، کە لە دیدی خۆیانەوە سەیری ژیانی خەڵك و باری ئەمنی و خۆشگوزەرانییان کردوون، پاش لێکۆڵینەوە بڕیاریان لەسەر ئەو دە شارە داوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین هەولێریش بەراورد بە پێشکەوتنی (١٥) ساڵی ڕابردوو هیچی لەو شارانە کەمتر نییە، دەبوو هەولێریش بە (١١)ـەهەمین شار دابنێن، چونکە ڕۆژ نییە شاندی وڵاتان، یان گەشتیارانی جیهان لەو شارە نەبینرێن، بۆیە هەولێر پێویستی بە گەشانەوەی زیاترە تا بچێتە لیستی جوانترین و خۆشگوزەرانترین شارە گەورەکانی وڵاتانی جیهان.



## یاریگای باخچە و دارستان

گۆڕەپانی یاریگاکان بە چیمەن ڕووپۆش کراون، تا کەشێکی لەبار بۆ یاریکردن برەخسێنێت و دیمەنی یاریگاکەش جوانتر بکات، دوای ئەوەی یاریگای (ۆرتزیرس) لە شاری کلانگفۆرت کە دەکەوێتە ویلایەتی کارینتیا لە باشووری وڵاتی نەمسا چۆڵ کرا و ئێستا یاریی تیایدا ناکرێت، هونەرمەندێك بە ناوی (کلاوس لیتمان) بە هاوکاری ئەندازیارێکی شارستانی بە ناوی (بینیتز ماکس)، هەڵساوە بە چاندنی سەدان دار لە ناو یاریگاکەدا، ئەو بیرۆکەیە لەوەوە هاتووە کە پرۆژەی هونەرمەندەکە ناوی (سەرکێشیی ڕوانینمان بۆ سرووشت و پرسیارێك بۆ داهاتوو) بوو، ئەو پرۆژەیە بۆ ئەوەیە کە لە هەر شوێنێك بەشێکی چۆڵ، یان دابڕاو هەبێت، پێویستە بە دار و درەخت پڕ بکرێتەوە، لە ئێستادا زیاتر لە (٣٠٠) بنەدار لەو یاریگایەدا چێنراوە، پرۆژەکە وەك هەنگاوێکی گەشتیاری و سەرنجڕاکێشانی خەڵك وایە، تا گرنگی بە دار و درەخت و سەوزایی بدرێت.



# نمایشی جلوبەرگ لەسەر شەقام



هەمیشە نمایشی جلوبەرگ لە هۆڵەکانی نمایش و شوێنە داخراوەکان ئەنجام دەدرێن، کە وەك نەریتێکی باوە، تا نمایشکاران بەر نالەباریی کەشوهەوا نەکەون، کەچی لە ئێستادا نمایشکاری سەر شەقام و دەرەوەش پەیدابووە، تا زۆرترین کەس بەرهەمە ئامادەکراوەکانی مارەکەکان ئاشنا ببن، ئەو جۆرە نمایشە سەرەتا لەلایەن هەردوو مارکەی (پاربێل گورونگ و راگ بۆن)ـەوە دەرکەوت، سەرەتا ئەو بیرۆکەیەیان لە شاری نیویۆرك داهێنا، ئەویش بە ناوی نمایشی (the shed) لە ناوچەی (هۆدسۆن یاردز لە مانهاتن) ئەنجام درا، دواتریش لە شاری لەندەنی پایتەختی بەریتانیا پەرە بەو جۆرە نمایشە درا، تا ئێستا چەندین نمایشی لەم جۆرە ئەنجام دراوە، بەڵام هەندێ لە پسپۆڕان دژی ئەو کارە وەستاونەتەوە و پێیان وایە بەم چەشنە نمایشەی سەر شەقام، کاری نمایشکاری، بەها و گەورەیی خۆی لە دەست دەدات.





# پردێکی زەبەلاح لە دار

دروستکردنی پرد پێویستی بە کۆنکرێت و ماددەی رەق هەیە، تا بەرگەی پاڵەپەستۆ و کێشی زۆر بگرێت، زیاتریش چیمەنتۆ و کۆنکرێت دەکرێتە بناغە و پێکهاتەی پردەکان، بەڵام وڵاتی چین بیرۆکەیەکی دیکەیان بۆ ئەو بوارە هەیە، لەو وڵاتەدا دارێك هەیە بە ناوی (خەیزەران) کە لەچاو درەختەکانی دیکە بەهێزترین دارە، چینییەکان ئەو دارەیان لە دروستکردنی پردێکدا بەکارهێناوە، کە دەکەوێتە شاری (ماکاو) لەو وڵاتە، مێژووی دروستکردنی ئەو پردە بۆ ساڵی (١٤٨٨) دەگەڕێتەوە، تا ئێستاش ماوەتەوە، ماوەماوەش بە هەمان جۆرە داری بەکارهاتوو نۆژەن دەکرێتەوە، کەسێك بەناوی (چۆی سینگ ) کە کرێکارێکی ئاساییە، وەك ئەندازیار سەرپەرشتیی ئەو پردە دارینە دەکات، رۆژانە چاودێریی بەشەکانی دەکات و ئەگەر هەر کێشە و گرفتێك لە پردەکەدا هەبێت، بە زووترین کات چارەسەری دەکات، ئەو پێیوایە ئەو پردە پیرۆزە، بۆیە نایانەوێت بە کۆنکریت و ماددەی سەردەم بیگۆڕن، یان نۆژەنی بکەنەوە.





## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکە باس لە سەردەم دەکات، کە ئامێرەکانی مۆبایل و ئینتەرنێت وایان کردووە کە کتێبەکان نەخوێندرێنەوە و بچنە ژێر گڵ، بەم جۆرە جەنگەکە بەردەوامە و کۆتاییەکەی دیار نییە.

## نـــوکتـــە

کچێك و کوڕێك یەکتریان خۆش دەوێت، کچەکە دەیەوێ کوڕەکە پێی بڵێ خۆشم دەوێی، بۆیە بە کوڕەکە دەڵێ: وشەیەکم پێ بڵێ کە لە سەرمای زستان گەرمم بکاتەوە و دڵ و هەستم تاو بدات.
کوڕەکەش دەڵێ: قەمسەڵە!

## پوختەی فیلم

### رامبۆ دوا خوێن - Rambo: Last Blood

دوای ئەوەی جۆن رامبۆ لە شەڕی ڤێتنام تەواو دەبێت، ئەمجارەیان دەیەوێت لە ویلایەتی ئەریزۆنا بەشداری لە پێشبڕکێی ئەسپسواریدا بکات، دواتر لەگەڵ ئافرەتێك کە ناوی (ماریا)یە لەگەڵ کچە هەرزەکارەکەی بە ناوی (گابرێلا) کێشەی داراییان بۆ دروست دەبێت، ئینجا کەسێکی مەکسیکی بە ناوی (کارتێل) کچە هەرزەکارەکە دەڕفێنێت، رامبۆش دەچێتە سەر سنووری مەکسیك و کارەساتێکی خوێناوی ئەنجام دەدات و کچەکە رزگار دەکات، فیلمەکە لە وڵاتی ئەندەنووسیا وێنەی گیراوە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٩) خولەکە، لە دەرهێنانی (ئەدریان گرۆونبێرگ) و لە نواندنی (سیلڤیستەر ستالۆن، پاز ڤێگا، یاڤتی مۆنریال، سێرجیۆ پێرس و ئەدریانا بارزا) یە.





## بۆ زانیاریت

### وێنەکانی سەر دراوی دۆلار

چەندین وێنەی کەسایەتی و سەرکردەکانی ئەمریکا لەسەر دراوی دۆلار هەن، لێرەوە ئاشنایان بە: جۆرج واشنتۆن: یەکێکە لە شۆڕشگێڕە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، کە بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دادەنرێت و یەکەم سەرۆکی ئەمریکایە. تۆماس جیفرسۆن: سێیەم سەرۆکی ئەمریکایە. ئەبراهام لینکۆڵن:شانزەهەمین سەرۆکی ئەمریکایە. ئەلیکساندەر هامیلتۆن: لە حکومەتەکەی جۆرج واشنتۆن وەزیری دارایی بووە و بارودۆخی دارایی وڵاتی بەرەوپێش بردووە. ئەندرۆ جاکسۆن: حەوتەم سەرۆکی ئەمریکایە. یولیسیس گرانت: هەژدەهەمین سەرۆکی ئەمریکابوو کە کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ساڵی ١٨٦٨ ی ئەو وڵاتەدا بردیانەوە، ئەو کاتە کۆمارییەکان بە پارتی ڕەشپێستەکان دەناسران. بنجامین فرانکلین: یەکێکە لە رۆشنبیرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا، کە (کتێبخانەی هاوبەشی) لە ئەمریکا دامەزراند و بەشداریی لە چەندین داهێنان و دۆزینەوەدا کردووە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

بۆ هەر پێشهاتێك ئامادەکاریی خۆت بکە، چونکە ماوەیەکە کەسێك دەیەوێت کێشەت بۆت دروست بکات، کەسێکی هەست بەرزی لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت دەگونجێیت، بڕیاری خێرا مەدە، با وەك پێشتر نەبێتە هۆی پەشیمانیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

چاودێریی دەوروبەرەکەت بکە و کارەکانت بە جوانی جێبەجێ بکە، مەهێڵە کاریگەریی کەسانی دیکە ببێتە هۆی رووخاندنت، ماوەیەکە لەگەڵ کەسێکی ناو خێزانەکەت بە یەکەوە کێشەکان چارەسەر دەکەن، دڵێکی سادەت هەیە، بەڵام نابێت بە هەموو کەسی ببەخشی.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

پێداگریی تەواو لە ماف و ژیانت بکە، مەهێڵە کەسانی دیکە مافت بخۆن و تۆش بێدەنگ بیت، کەسێك لەگەڵت هاوسۆزە و نایەوێت کێشەت بۆ دروست ببێت، بە داهاتووت دڵتەنگ مەبە و دڵخۆش بە، چونکە کاری باش بەڕێوەیە و پێویستە ئارام بیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

سەرنجڕاکێشیت لەگەڵ کەسانی دیکە وایکردووە کە بە میهرەبانی لەگەڵیان رەفتار بکەیت، رەنگە بە باشی لە کەسانی دەوروبەرت تێنەگەیشتبی، بۆیە ڕێگە مەدە کارێك بکەن کە بە خراپە بەسەرتدا بشکێتەوە، رووداوەکانی پێشووش ئەنجامی هەڵەی خۆت بوون.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

پەیوەندییەکانت بەهێزن و کارەکانت لەگەڵ دەوروبەرتدا بە باشی دەچنە پێشەوە، ئەگەر ئەم ماوەیە بە وریاییەوە رەفتار نەکەیت، ئەوا کێشەکان کۆ دەبنەوە و ئامانجەکانت لێ دەشێوێنن، بۆیە پێویستە دڵکراوە بیت و ئارام بگریت، تا بە ژیانی شایستەی خۆت دەگەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کاتت زۆرە و بە فیڕۆی مەدە، هەرگیز لە پەیمانەکانت پەشیمان مەبەرەوە، لە ماوەی رابردوو بە ساتەوەختێکی ناخۆشدا تێپەڕ بوویت، بیر لە داهاتوو بکەرەوە، هێندە بیر لە پشوو مەکەرەوە، کەسێکی ژیریت و پێویستە بە جوانی و هێمنی بڕیارەکانت بدەیت.



## ماسک بۆ خۆپیشاندان

خۆپیشاندان مافێکی ڕەوای خەڵکە، بەڵام ئەگەر بەپێی مۆڵەت و بە ئازادی و بەبێ ئاژاوەگێڕی بێت، ئەوا لە جوانترین سیماکانی دیموکراسییەتە، لە خۆپیشاندن هەموو جیهان ڕوودەدات و ئەنجام دەدرێت، بە تایبەت لەو شوێنانەی کە کێشە و ناکۆکیی تێدا بێت، لە وڵاتی چین کە خۆپیشاندانی نارەزایی لە دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە کرا، ئەوەی سەیر بوو، ئەوە بوو کە تەواوی بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کە نزیکەی (٧٠٠) خۆپیشاندەر دەبوون، ماسکی سەیر و سەمەرەیان لە سەر روخساریان دانابوو، هەندێ لە ماسکەکان لە شێوەی هەویر وابوون، لە دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەوانە مەبەستیان لە دانانی ماسکەکان بۆ ئاژاوەگێڕی نەبووە، بەڵکو بۆ شەرمکردن و شاردنەوەی روخساری خۆیان بووە، بەرامبەر خەڵك و دەسەڵات.






## بارهەڵگرێک بە (١,٨) ملیۆن دۆلار

ڕەنگە هەرکەسێك ئەو بارهەڵگرە ببینێت، بڵێت چۆن ئەو نرخەی بۆ دانراوە، کە بارهەڵگرێکی کۆنە ومۆدێلی ساڵی (١٩٨٨)ـە، ئەو لۆرییە لە مەزادخانەی (بۆنهامز) بە (١,٨) ملیۆن دۆلار فرۆشرا، بارهەڵگرەکە لە جۆری ڤۆلڤۆی سویدییە، خاوەنەکەی سەراپای ئەو بارهەڵگرەی بە وێنە و تابلۆ نەخشاندووە، وێنەکانیش لە ساڵی (١٩٩٩) لە ئیسپانیا لەلایەن هونەرمەندێکی ناوداری ئەو وڵاتەوە کێشراون، ڕووبەری بارهەڵگرەکە (٨٠) مەتر دووجایە، هەموو بەشەکانی ئەو بارهەڵگرە لە وێنە و تابلۆی جۆراوجۆر نەخشێندراون، هەر بۆیەش ئەو نرخە خەیاڵییەی پێ درا.



## پەند و وتە

جولیۆس هێنری گرۆچۆ مارکس، ئەکتەری کۆمێدیی ئەمریکا و نووسەری فیلم و شانۆ، لە ساڵی (١٨٩٠) لە نیۆیۆرك لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٧٧) لە لۆس ئەنجلیس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی سیاسیەت دەڵێ: سیاسەت هونەری گەڕانە بە دوای کێشە و گرفتەکاندا لە هەموو شوێنێك، هەروەها دیاریکردنی حاڵەتەکەیە بە شێوەیەکی نادروست و دواجار چارەسەری هەڵەشی بۆ دەدۆزرێتەوە.



## فێڵکاریی چاو

لەم وێنەیەدا سێ کەس هەن، کە یەکێکیان دانیشتووە و یەکێکیشیان ڕاکشاوە و ئەوەی دیکەش بە پێوە وەستاوە، تۆش هەوڵبدە فێڵکاریی وێنەکە بزانیت و دەستنیشانی بکەیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە کێشە و گرفتی کەسانی دیکە وانە وەربگرە، هێندە یارمەتی کەسانی دیکە دەدەیت کە ئاگاداری ژیانی خۆت نیت، کەسێك دەیەوێت لە دڵت نزیك بێت، ڕێگەی مەدە، چونکە کەسێکی دیکە چاوەڕێی تۆیە، بڕیاری بە پەلە مەدە و خۆت بپارێزە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

گرنگی بە ژیان و هەستی خۆت بدە، ڕێگەی داهاتووت کراوەیە، بۆیە پێویستە هەنگاوەکانت بە وردی جێبەجێ بکەیت، خەریکە کارە گرنگەکەت دێتەدی، بۆیە دەست بە هەنگاوەکان بکە، تا بەو ئامانجە دەگەیت کە ماوەیەکی زۆرە چاوەڕوانی دەکەیت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لەگەڵ ئەوەی کە زوو دەچیتە دڵی کەسانی دیکەوە، بەڵام مەهێڵە بەبیانووی دڵفراوانییەوە کەسانێك ژیانت تێك بدەن، داهاتووت بە چەند قۆناغێك بەرەو خۆشی دەچێ، پێویستە ئارام بگریت، لەسەر مافەکانی خۆت پێداگری بکە و مەهێڵە خەڵك مافت بخۆن.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ماوەیەکە بێدەنگیت پێوە دیارە، بێدەنگیت واتە ڕازیبوونت بەو دۆخەی ئێستا، نابێت ڕابردوو فەرامۆش بکەیت، چاودێریی دەوروبەرت بکە و بزانە لە خۆهێنانەپێشەوەیان چ مەبەستێکیان هەیە، ماندووبوونی پێشووت بە هەدەر ناچێت و چاکە دێتەوە ڕێگات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەگەڵ کەسانی نزیکت دڵخۆشی و پێویستە هەر بەم جۆرە بەردەوام بیت، زوو زوو لەگەڵ کەسێك کێشە دەکەوێتە نێوانتان، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ناگونجێن، بەڵکو بیروڕاتان لە یەك نزیکە و جیاوازیشتان هەیە، پارێزگاری لەو کەسە بکە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

کۆنترۆڵی هەست و دەمارگیریت بکە، چونکە زۆر جار تووشی کێشەی گەورەی کردوویت، کەسانێك دەیانەوێت لێت نزیك ببنەوە، بەڵام تا بە تەواوەتی لە مەرامیان تێنەگەیت، ڕێگەیان مەدە تێکەڵ بە ژیانت ببن، خەمێك لە دڵتە و ناتەوێ دەریببڕی، با بیرکردنەوەت ئەرێنی بێت.